www.kurdistannet.org
24-11-2006 23:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەمەرگی تۆش کۆتایی کێشەکان نایەت ئەزیزم، چاڵی مەرگ بۆخۆیان هەڵدەکەنن ... خاڵەحەمە

ئەمدەسەڵاتە سەرەخۆرە هەژارکوژەی کورد وەها لەخشتەچوە کەبنەما پیرۆزەکانی یەک بەدوای یەکدا پێشێلکردووەو خەریکە هێڵی بەرژەوەندی نەتەوەییش دەبەزێنێ، کەخەریکە دەستکەوتی بەر لەشۆڕشیش لەناودەبات، کەخەریکەچاڵ بۆئەکتەرەچابووک و شۆڕەسوارەکانی خۆی هەڵدەکەنێ

و ئەیەوێ زۆر نامەردانە دەنگی ڕەسەنی کادیرە لێهاتووەکانی تیرۆر بکات و کۆتایی بەو جەنگە بهێنێ کە ئەمرۆ لەڕووی کاری گەندەڵی و دزی و مشەخۆریدا بەرپابووە، خەڵکینە، خوێندەواران و نەخوێندەوارانی کورد ژنان و پیاوان، کچان و کوڕانی سەدەی بیست و یەکەمینی کورد تاکەی ئێوەی لەخەوی خەفڵەت ڕاناچڵەکێن و لەناو پێخەفی ترس و لەرزا چاوەڕوانی مەرگی کوت و پڕ دەکەن، تاکەی چاوەڕوانی دەستی ڕەشی ئەوجەللادانەدەکەن کۆتایی بە خەباتی کەڵە پیاوانی هەڵکەوتوی خۆتان بهێنن، تاکەی چاوەڕوانی تەرمی ئازیزانی ئەمنەتەوە مەینەتبارو خەمزەدەیە دەکەن، تاکەی چاوەڕوانی ڕۆژێکی گەش لەخەڵکێکی بێ بەهاو نیشتمانفرۆش دەکەن کە لە ڕۆژگاری ڕەشی ڕژێمی (سەدام) دا لەهێلێکی نهێنیدا چاڵی مەرگیان بۆخۆتان و خێزانەکانتانیان هەڵدەکەن، چیتان ئەوێ و چاوەڕێی چین، با ئەمرۆژە نەبێتە لەکەیەک بە نێوچاوانتانەوە بریقەی بێت، پشتی پێشمەرگەو ڕۆژنامەنوس بەرپرسیارو دەمراستی خۆتان بگرن و بە هەموو تواناتانەوە لە ڕووی دەسەڵاتی کورددیدا بنەڕێنن کە دڵۆپێک لە خوێنی شکۆدار (عارف قوربانی) ئەبێتە سەدان هەزار (عارف قوربانی) و دەبێتە ڕاپەڕینێکی نوێ، دەبێتە شۆڕشێکی نوێ و کلکەپاچ خاکەنازو دەسکەبێڵ ئەداتەوەدەست مناڵانی کورد تالەسەر کورسی بەخوێن ئاودراوی کورد داتانبگرن و کۆتایی بەم شێوە تیرۆرە ناجۆرە بهێنن، کۆتایی بە جەبەروتی خەڵکی دۆڕاوو کورە ئازاکان بهێنن و لاپەڕەی تاوانباران هەڵبدرێتەوەو لە دادگایەکی ئاشکرای میللەتدا ڕابگیرێن.. خۆئەگەر دەستی تاوانیش باڵاترەو دەسەڵاتیش گوێ لەدەنگی میللەت ناگرێت لە دوای شکۆدار (عارف قوربانی) ەوە هەموو یەکێکمان دەبینە قوربانی بەرژەوەندی نەتەوەی کوردو بە شوێن سەری جەلادەکەی قوربانیدا شەوو ڕۆژتان لێ تاڵ ئەکەین، وەک (شێخی گەورە) فەرمویەتی یاخوا میللەت دوژمنایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدارادا نەکات چونکە نازانێ کێ تۆڵەی لێدەکاتەوە !!...

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی 2006/11/21